پەیوەندییەکانی عێراق: ئینتەرنێتی بەبەرامبەر بە زیاتر لە سێ هەزار قوتابخانە دابینکراوە



وەزیری پەیوەندییەکانی عێراق دەڵێت، ئینتەرنێتی بەبەرامبەریان بە زیاتر لە دوو هەزار و ٥٠٠ قوتابخانە لە بەغدا و پارێزگاکان دابینکردووە. دەشڵێت، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکە بۆ ئەوانی هەموو قوتابخانەکان بگرێتەوە.

ئەمە شەممە ١ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، هەیام یاسری، وەزیری پەیوەندییەکانی عێراق لەکۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانییدا کەموتەبع بەدواداچوونی بۆ کردووە وتی، تا ئێستا خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیان بە نزیکەی دوو هەزار و ٥٠٠ قوتابخانە بەبەرامبەر لەگەڵگەی کەبڵی فایبەر ئۆپتیکەوە دابینکردووە.

ئاماژەی بۆشکردووە، "لە ئێستادا ئینتەرنێت لە قوتابخانەکاندا تا کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ بەردەستە، بەڵام هەندێک لە قوتابخانەکان دوو دەوامیان تێدایە، بۆیە بۆیاریانداوە بە درێژکردنەوەی خزمەتگوزارییەکە تا کۆتایی دەوامی دووەم، لە هەمان کاتدا کاردەکەن بە بەهێزکردنی خزمەتگوزارییەکە لەو بوارانەی کە پێویستن بە قوتابخانەکان".